# گفتوگۆ لەگەڵ دۆکتۆر ئەمیر حەسەنپوور

**هادی محەمەدی**

**- وەک دەزانین روانگە و بۆچوونی جۆراوجۆر لەمەڕ مارکسیزم ئاراستەکراوە، هەر لە روانگەکانی کائۆتسکی و بێرنشتاین، هەتا لێنینیزم، مائۆئیزم، کاسترۆئیزم، تیتۆئیزم و لایەنگرانی ئەنور خوجە دەرک و بۆچوونی جیاوازیان لە مارکسیزم ئاراستە کردووە، جگە لە وانەش دوو قوتابخانەی فرانکفۆرت و بوداپێست خوێندنەوەی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئێوە وەک کەسێکی شارەزای ئەم بوارە لەمەڕ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و، کوردەواری بەتایبەتی، چ دیسکۆرس و خوێندنەوەیەکی چەپی ـ مارکسیستی بە گونجاو دەزانن؟**

ـ هەر وەک خۆتان باستان کرد مارکسیزمیش وەک مەکتەبە فکرییەکانی دیکە جۆراوجۆر و فرەچەشنییە، وەک چۆن لیبراڵیزم یەکچەشن نیە، بەڵکوو چەندین جۆر لیبراڵیزم هەیە، یان وەک چۆن تیۆری دیموکراسی یەکدەست نیە، مارکسیزمیش هەر وایە، ئێوە ناوی چەند فۆرمی مارکسیستیتان هێنا کە لە مێژووی مارکسیزم دا دەوریان بووە. مارکسیزم هەمیشە لە گۆڕان دایە، ئێستاش دەگۆڕدرێ، بەڵام ئایا مەبەستت ئەوەیە کە کام یەک لەم رەوتانە بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست گونجاوە؟....

**- مەبەستم ئەوەیە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ناوچەکە، ئێوە کام رەوتی چەپ بە شیاو دەزانن، یان رەنگە بۆ خۆتان روانگەیەکی جیاوازتان هەبێت؟**

ـ من مارکسیزم وەک سیاسەت و ئایدیۆلۆژی، یان فەلسەفەی چینێکی کۆمەڵایەتی دەبینم، کە ئەویش چینی کرێکارە، کە لە مێژووی جیهاندا چینێکی تازەیە، مارکسیزم خۆی بانگەشە دەکات کە کۆمەڵگەی مرۆڤ لەو کاتەوە کە بەسەر چینەکاندا دابەشکراوە، فەلسەفە، سیاسەت، ئایدیۆلۆژی، هونەر، زمان و هەموو تێکۆشانی فکری مرۆڤ پێوەندی قووڵیان لەگەڵ چینە کۆمەڵایەتیەکان هەیە. کەوابوو، مارکسیزم پێیوایە کە فەلسەفە و ئایدیۆلۆژی چینێکی تایبەتە نە هی هەموو چینێک، کە ئەویش چینی کرێکارە. چینی کرێکار هێزێکی کۆمەڵایەتی نوێیە کە بێجگە لە هێزی کاری خۆی هیچی دیکەی نیە، وەک چۆن چینی بورژوا سیاسەت، فەلسەفە و ئایدیۆلۆژی خۆی هەیە و بۆ رێکخستنی دەوڵەت و ئابوری کۆمەڵگە شێواز و بەرنامەی تایبەت بە خۆی هەیە و جڤاتی سەرمایەداری بە جڤاتێکی تەباو سازگار دەزانێ، مارکسیزمیش وەک فەلسەفە و ئایدیۆلۆژی چینی کرێکار پێیوایە کە سەرمایەداری ناتوانێ کێشەکانی مرۆڤ چارەسەر بکاو وڵامی پێویستیەکانی بداتەوە. مارکسیزم پێیوایە کە سیستەمی سۆسیالیستی و سەرئەنجام سیستەمی کۆمۆنیستی ئالترناتیڤی سەرمایەدارییە. من وای دەبینم کە لە 15 ساڵی رابردوودا و لەپاش روخانی سۆڤیەت و ئورووپای رۆژهەڵات (بلوکی سۆسیالیستی) هێرشێکی زۆر کراوەتەسەر مارکسیزم و کۆمۆنیزم، ئێستا زۆر کەس لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ناوێرن باسی سۆسیالیزم و مارکسیزم بکەن. هێرشەکە وابوو کە دەیانگوت لە کێشەی نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزمدا سۆسیالیزم دۆڕاندویە و سەرمایەدای سەرکەوتووە. یانی ئەوە کە سەرمایەداری کۆتایی مێژووە، پێیان وایە کە مرۆڤایەتی ناتوانێ بورژوازی تێپەڕێنێ. وەها باسێک هاتەگۆڕێ، زەختێک کە پێشتر هەبوو لە دژی مارکسیزم، زۆر توندوتیژ بووە، دیارە زۆربەی

مارکسیستەکانیش یەکێتی سۆڤیەت و بلوکی ڕۆژهەڵاتیان بە مارکسیزم نەدەزانی، پێیان وایە شۆڕشی ئۆکتۆبر کە ساڵی 1917 ڕوویدا ڕەوتێکی ڕاستەقینە بوو کە گەلێ دەسکەوتی هەبوو، بەڵام نەیتوانی سەرکەوێ و سەرمایەداری سەرلەنوێ گەڕایەوە، هەر بەمهۆیە زۆربەی مارکسیستەکان خۆیان یەکێتی سۆڤیەتیان بە سۆسیالیست نەدەزانی، بەڵام ئەو باسە کرا کە لە کێشەی نێوان ئەو دوو بلوکەدا سەرمایەداری بردیەوە و سۆسیالیزم دۆڕاندی. گۆڕانێکی گرنگی دیکە کە لە10 تا 15 ساڵی ڕابردوودا ڕوویدا، ئەوە بوو کە تیۆری پۆست مۆدێرنیزم و پۆست ستراکتورالیزم لە دنیای ئاکادیمیکدا سەریهەڵدا و دواتر پەرەی سەند و ئەمانەش دوبارە هێرشیان کردە سەر مارکسیزم. ئەگەر لیبراڵیزم بەدرێژایی 150 ساڵ خەبات لە دژی مارکسیزم سەرنەکەوتبوو و، مارکسیزم توانیبووی ڕەخنەی زۆر جدی لە لیبراڵیزم بگریت، ئێستا پۆست مۆدێرنیزم بەشێوەیەکی ئاڵۆز هەر ئەو کارەی لیبراڵیزم دوپات دەکاتەوە و لەگەڵ مارکسیزم دژایەتی دەکات. ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەر وەک وڵاتانی دیکەی دنیا زۆربەی روناکبیران بەرەو پۆست مۆدێرنیزم چوون. بەڵام من کە بە ڕوانگەی مارکسیستی چاوی لێدەکەم، پێموایە کە پۆست مۆدێرنیزم فۆرمێکی زۆر ئاڵۆزی لیبراڵیزمە، زۆربەی ئەو کێشانەی کە لیبراڵیزم هێناویەتە ئاراوە، پۆست مۆدێرنیزم بەشێوەیەکی دیکە لەدژی مارکسیزم دەیهێنێتەگۆڕێ. کەوابوو ئێستا کێشەی نێوان مارکسیزم و ئایدیۆلۆژی دیکە زۆر کێشەیەکی جدییە، بەڵام لە جارانیش زۆر ئاڵۆزتر بووە. خەباتی ئایدیۆلۆژیک ئێستا تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەوە کە دەڵێن مارکسیزم دەوری داچووە، من دەڵێم ئەی بۆچی لیبراڵیزم دەوری ماوە، بۆچی هێشتا لە دنیای سیاسەتدا، لە دنیای ئاکادمیک و لە هەموو شوێنێک لیبراڵیزم هەر لە جان لاک هەتا مایکل ئیگناتیف – کە باسی کوردستانیشی کردووە– دەوری هەیە، بۆچی لیبراڵیزم کە فەلسەفەیەکی کۆنە و نزیکەی 350 ساڵ مێژووی هەیە کون نەبووە، بەڵام مارکسیزم کە لەو نوێترە و 150 ساڵ مێژووی هەیە، بە کۆنە دەزانن. مەسەلەی کۆنبوون و تازەبوون پێوەندی بە زەمەنەوە نیە و زیاتر مەسەلەیەکی فکری و سیاسیە.

**- مانویل کاستێلز لە کتێبی کۆمەڵگەی تۆڕی (The network society) دا دەڵێ لە سەردەمی ئەنفۆرماسیوندا سەرمایە لە ڕێگەی تۆڕەکانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆی تۆکمە و یەکپارچە دەکا، بەڵام چینی کرێکار بەردەوام پرژوبڵاو دەبێ و ناسنامەی کۆیی خۆی ئەدۆڕێنێ، چونکە سەرمایەداری مۆدێرن پێویستی بە هێزی تاکی کرێکار هەیە، نە هێزی کۆمەڵایەتی ئەو، بەڕێزتان ئەم بۆچونەی کاستێلزتان پێ چۆنە؟**

ـ من پێم وایە تکنۆلۆژی تازەی پێوەندییەکان و ئەنفۆرماسیون لە گۆڕینی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا دەوری هەیە، یانی هەم لە گۆڕینی چینی کرێکار و هەم لە گۆڕینی چینی بورژوادا دەور دەبینێ، بەڵام من پێم وانیە ئەم تکنۆلۆژییە توانیبێتی پێوەندی دەسەڵات لە نێوان چینەکاندا بە یەکجاری بگۆڕێ، لەمەڕ پێوەندی نێوان ژن و پیاویش، هەندێ لە فمێنیستەکان دەیانگوت تکنۆلۆژی ئەنتێرنێت پێوەندی نێوان دوو جنس دەگۆڕێ. لەمەڕ چینی کرێکاریش ئەم باسە کراوە. من ئەم پرسیارە دێنمەگۆڕێ، ئێستا کە چاو لە دنیا دەکەین، زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە، وەحشیگەری دەوڵەتان و هێزە سیاسییەکان زیاتر لە هەر کاتێک دەرکەوتووە، برسێتی لە هەموو کات زیاتر بووە، سەیری ئامار بکەن: ڕۆژانە چەند کەس لە برسان دەمرن،

ساڵانی دەیەی1960 ساڵانە 10 هەزار کەس لە دنیادا لە برسان دەمردن، ئێستا رۆژانە زیاتر لە 20 هەزار کەس بەتایبەت منداڵان لەبەر برسیەتی و بەدخۆراکی دەمرن. ساڵانە نزیکەی 2 ملیون کچ لە تەمەنی 10 تا 15 ساڵە رەوانەی بازاڕی لەشفرۆشی دەکرێن. دزین و کوشتنی ژنان بە مەبەستی بازرگانی زۆر زیادی کردووە، کویلەداری لە برزیل، هندستان، هەروەها لە سودان و هەندێ وڵاتی ئەفریقایی دوبارە سەری هەڵداوە. دنیا قەت بەمجۆرە زوڵم و زۆر و چەوسانەوەی بەخۆیەوە نەبینیوە. ساڵانە لە دنیادا نزیکەی هەزار ملیارد دۆلار خەرجی چەک و چوڵ دەکرێ. من ئەم پرسیارە دێنمە ئاراوە، لە دنیایەکی ئاوادا کە هێزی دەسەڵاتداران، یانی ژمارەیەکی کەم لە دەسەڵاتداران و دەوڵەتەکانیان زۆرینەی دنیای بەفراوان دەچەوسێننەوە، پێوەندی تازەی ئەنفۆرماسیۆن چۆن دەتوانێ پێوەندی نابەرابەری دەسەڵات بگۆڕێ؟ من دەڵێم پێوەندی ئەنفۆرماسیۆن نە هەر ناتوانێ پێوەندی نابەرابەری دەسەڵات (پێوەندی چینایەتی) بگۆڕێ، بەڵکوو وەها پێوەندیەک زیاتر بەرهەم دێنێتەوە و زیاتر دوپات و توندوتیژی دەکاتەوە. بەڵام رەنگە ئەم پرسیارە بێتە ئاراوە: ئێستا کە ئەنفۆرماسیۆن و زانیاری زورە و ئەنتێرنێت جیاوازی نێوان زاڵم و چەوساوەی تێکداوە، چینی کرێکار چون دەتوانێ بۆ ئامانجی خۆی تێبکۆشی؟

**ـ لێرەدا مەبەستی کاستێلز ئەوەیە کە لە رێگە تۆڕە ماڵیەکانی سەرمایەوە، سەرمایە رۆژ لە دوای رۆژ هێز و دەسەڵاتی خۆی زیاتر و تۆکمەتر دەکات، بەڵام چینی کرێکار پرژوبڵاو دەبێت، چونکە ئەمرۆ سەرمایەداری نیازی بە هێزی کۆیی کار نەماوە، وەک دەزانین لە سەردەمی مارکس و تەنانەت نیو سەدە پاش ئەویش، سەرمایەداری پێویستی بەوە هەبوو کە کۆمەڵێکی بەرین لە کرێکاران کۆبکاتەوە و لە کارگە و کارخانەکان کاریان پێبکات، بەڵام ئەمرۆ بەهۆی ئامێرەکانی تکنۆلۆژی وەها نیازێکی نەماوە، کەوابوو لێرەدا دەبینین کە چینی کرێکار و هێزی کۆیی ئەم چینە پێویستی خۆی ئەدۆرێنێ و لە درێژەی وەها رەوتێک دا هەم نیازە تاکیەکان و هەم وزە و توانا تاکییەکان برەو پەیدا دەکەن. دیارە من لێرەدا تکۆڵی لە وتەکانی ئێوە ناکەم، ئاکامە خراپ و نگەتیڤەکانی بورژوازی زۆر لە وەش کە ئێوە باستان کرد، زیاترە. بەڵام دەمەوێ وتەیەکی ئاگنش هلێر شاگردی ج. لوکاچتان وەبیر بێنمەوە، ئەو دەڵێ بەهۆی ستەم و چەوسانەوەی لەڕادەبەدەر، چینی کرێکار نیازە ئینسانیەکان فەرامۆش دەکا و تەنیا لە بیری نیازەکانی مانەوە (نیاز بقا) دایە، یانی لێرەدا دەبێ لە بواری ئیپیستمۆلۆژیک چاوپۆشی بکەین و بچینە بواری ئەنتۆلۆژیکەوە، وەک دەزانین نیازەکانی بەقا (خواردن، خواردنەوە، خەوتن، سێکس) لە ئاژەل و مرۆڤ دا هاوبەشن، دەمەوێ ئەوە بڵێم چینی کرێکار هێندە دەچەوسێتەوە، بەتایبەت لە وڵاتانی خۆماندا کە تەنیا لەبیری مانەوە دایە، یانی ئەندێشە و مەعریفەی نەماوە و لەگەڵ ئاژەڵان جیاوازی ئەوتۆی نیە، هەر چین یان گرووپێکیش کە خاوەن دەرک و وشیاری نەبێت ئیتر چۆن دەتوانێ بڕیار بداو هەلومەرجێ خۆی بگۆڕێ. جگە لە مانەش لوکاچ باسی پرسێکی‌تر دەکات، ئەو دەڵێ لە کۆمەڵگەی بورژوازی 1920دا دیاردەی رفیکاسیۆن پەرەی سەندووە و هەموو کۆمەڵی بورژوازی و تەنانەت چینی کرێکاریشی گرتۆتەوە، یانی لوکاچ دەڵێ چینی کرێکار تووشی شتئاسایی reification / هاتووە و خاوەن ئەو وشیاریە نیە کە بتوانێ چینی خۆی رێک بخات و کۆمەڵگەی بورژوازی بروخێنێت. ئێوە ئەم دیاردانە چۆن راڤە دەکەن؟**

ـ لەمەڕ بەشی یەکەمی باسەکانت کە وتت سەرمایەداری خۆی تۆکمە و یەکپارچە دەکات، دەبێ بڵێم لە نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم دا سەرمایەی جۆراوجۆری نەتەوەیی تێکەڵاو بوون، وەک ژاپۆن و ئەمریکا، یان چین و ئەمریکا، بەڵام من پێم وایە پرۆسەیەک هەیە لە دنیای

سەرمایەداری دا ئەویش ناکۆکی نێوان سەرمایەدارانە، من پێم وایە ئەو ناکۆکیە تەواو نەبووە، دوو شەڕی گەورەی جیهانی هەر دوویان بەرهەمی ناکۆکی وڵاتانی سەرمایەداری بوون. من پێم وایە ئێستاش ئەو ناکۆکیە هەیە، زۆر هەوڵ دەدەن کە بەشێوەیەکی هێمنانە ناکۆکیەکان چارەسەر بکەن. بۆ نموونە ناکۆکی نێوان روسیا و ئەمریکا، ئەمریکا و چین، ژاپۆن و ئەمریکا، بەبرەکانی ئاسیا، ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا، ئەمریکا و وڵاتانی ئەمریکای لاتین، من پێم وایە ئەم رەوتی ناکۆکیە لە دنیای سەرمایەداریدا کۆتایی نەهاتووە و ئەگەری شەڕ و ناکۆکی لەئارادایە.

لەمەڕ بەشێکی دیکەی قسەکانتان سەبارەت بە چینی کرێکار، پێویست ناکا هەموو کرێکاران لە کارخانەدا بن. هەر ئەو سیستمە پێوەندییە کە پێکهاتووە دەتوانێ کرێکارانی پرژوبڵاو یەک بخات و خەباتەکەی جیهانی بکاتەوە. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە دنیا دەگۆڕدرێ، پێوەندی نێوان چینەکان دەگۆڕدرێ و تەنانەت خودی چینەکانیش دەگۆڕدرێن، بەڵام من بەو ئاکامە نەگەیشتووم کە بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانە پرسی خەباتی چینایەتی نێوان کرێکار و سەرمایەدار تەواو بووە. من دەڵێم ئەم خەباتە تووشی گۆڕان هاتووە، بەڵام هێشتا لەنێوان دوو سیستمدا ناکۆکی قووڵ لەئارا دایە.

لەمەڕ باسەکەی ترت. ئەو باسە ئێجگار گرنگە. بەرای منیش لە روانگەی فەلسەفەی مارکسیستیەوە گەورەترین پرس پێوەندی نێوان مادە و وشیارییە، وشیاری یانی ئەوە کە من خاوەن وشیاریم، تۆ خاوەن وشیاریت، هەموو مرۆڤەکان وشیاریان هەیە. وشیاری خەسڵەتی تایبەتی مرۆڤە و زیندەوەرانی دیکە خاوەن وشیاری نین، مرۆڤ بۆوەی خاوەن زمانە و سروشت و ژینگەی خۆی دەگۆڕێ و ئەو شتانەی کە سروشت نەیداوەتێ بەرهەمی دێنێ، تەنیا بوونەوەرێکە کە دەتوانێ رووکار تێپەڕێنێ، لە نهێنیەکان تێبگا و سەرخان و ژێرخان ببینێ، یانی تێکڕای کۆمەڵگە و پێوەندییەکان دەرک و شرۆڤە بکاو داهاتوویەک بخولقێنێ، کە دۆخی ئێستا ئەو دەرفەتەی پێنادات. وشیاری بەهۆی تیۆری، فەلسەفە، چەمکەکان، مێژووناسی و زانستی دیکە پێکدێ و وەکوو هەموو دیاردەکان خەسڵەتی چینایەتی هەیە. مادە، یانی دنیایەک کە لە دەرەوەی زەینی من و تۆ دایە. بۆ وێنە ئەم شوێنە کە ئێمە لێی دانیشتوین بەشێک لە مادەیە. دەنگی موسیقایەک یان جریوەی باڵندەیەک، ئەوانەش بەشێکن لە مادە. مادە تەنیا شتە رەق و بەرهەستەکان نیە. پێوەندی نێوان وشیاری و مادە بەمجۆرەیە کە مرۆڤ بەپێچەوانەی حەیواناتیتر دنیا بەپێی پلان و بەرنامە دەرک دەکا و دەیگۆڕێ. بۆ وێنە ئەم ژووره ئێمەی تێیدان سروشت نەیخولقاندووە، بەڵکوو ئێمە بەپێی پلان و بەرنامە دروستمان کردووە. مەبەستم ئەوەیە کە ئەگەر وشیاری لە مادە پێشکەوێ یان بە باشی دەرکی بکات، دەتوانێ بەپێی ئەو دەرک و مەعریفە دنیا و دۆخی خۆی بگۆڕێ، یانی مەبەستم ئەوەیە کە چینی کرێکار ئایدیۆلۆژی خۆی هەیە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە هەر کەس بوو بە کرێکار ئیتر وشیاری سۆسیالیستی هەیە. دەکرێ بڵێین زۆربەی کرێکارانی دنیا خاوەن وشیاری چینایەتی نین. جا لەمەڕ وتەکەی لوکاچ من ئاوای دەبینم کە چینی کرێکار لە دنیادا لە چاو پێشوو زۆرتر بووە، زیاتریش دەچەوسێتەوە، بەڵام خاوەن وشیاری و حیزبی خۆی نیە.

سیستمی سەرمایەداریش لە نەبوونی ئەو وشیاری و ڕێکخراوەییەدا زیاتر لەت و کوتی دەکا و دەسەڵاتی خۆی دەسەپێنێ. لەئەنجامدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شتەی کە وتت: پرسی "وشیاری چینایەتی". تا کاتێ کە وشیاری چینایەتی نەبێت خەباتی نێوان چینەکان بە قازانجی بورژوازی تەواو دەبێت.

**ـ با چەمکێکی تری ج. لوکاچ باس بکەین، لە وتاری مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس دا دەنووسێ: "ئەگەر وایدابنێین کە توێژینەوەکانی هاوچەرخ بەکردەوە نادروستی هەموو تێزەکانی مارکسیان سەلماندوە، سەرەڕای ئەمەش هەر مارکسیستێکی "ئۆرتۆدۆکس"ی جدی دەتوانێ هەموو ئەنجامەکان بە بێمەرج قەبووڵ بکات و هەموو تێزە تایبەتەکانی مارکس ڕەت بکاتەوە، بەبێ ئەوەی تەنانەت بۆ ساتێکیش لە ئۆرتۆدۆکس بوونی خۆی پاشگەزبێتەوە. کەوابوو، ئۆرتۆدۆکس بوون بە مانای وەرگرتنی ساویلکانەی ئەنجامی توێژینەوەکانی مارکس نیە، یان بە مانای "بڕوا" بە چەند تێزێک، یان شرۆڤەی کتێبێکی "پیرۆز" نیە. تەواو بەپێچەوانەیە، ئۆرتۆدۆکس بوون لە مارکسیزمدا تەنیا بە مێتۆدەوە بەستراوە..."، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم خاڵە هەرە گرنگە، مارکسیستەکانی وڵاتی ئێمە ئەوە ساڵگارێکە لە قاڵبی هەندێ چەمکی قەتیسدا خۆیان یەخسیر کردووە، بەڕێزتان ئەم دیاردەیە چۆن راڤەدەکەن؟**

ـ راستە، من پێم وایە بەکارهێنانی مارکسیزم کارێکی ئێجگار سەخت و ئاڵۆزە، بەپێچەوانەوە فێربوونی لیبراڵیزم بۆ کەسێک کە لیبراڵ نەبێت، کارێکی زەحمەت نیە، بەڵام فێربوونی و بەکارهێنانی مارکسیزم هەر دووی زەحمەتە، بۆچی؟ چونکە مارکسیزم هەر وەک لەمەڕ مێتۆد باست کرد، بەپێی مێتۆدی دیالکتیک پێکهاتووە، ئێمە لە ژیانی عادەتی خۆماندا ناتوانین دیالێکتیکی بیربکەینەوە، بەشێک لە دیالێکتیک ئەوەیە کە ئێمە گۆڕان وەک بەرهەمی ناکۆکی ببینین، یانی لە هەر شتێکدا ناکۆکی هەیە، بۆ وێنە من دەبێ لە ژیانی خۆمدا ناکۆکی ببینم، ناکۆکی نێوان من و هەموو شتێک، ناکۆکی فکری من لە قوناغەکانی ژیانمدا، کەوابوو لە هەموو دیاردەکانی دنیادا ناکۆکی دەبینرێ. ئێمە دەبێ یەکێتی و ناکۆکی نێوان دیاردەکانی ژیان ببینین، ئەوەش هەر ئەو شتەیە کە پێی دەڵێن "یەکێتی دژەکان واتە وحدت اضداد". یانی ئەوە کە دیاردەکان پێکەوە دەژین، لە کاتێکا کە دژی یەکترن، دنیا بەمجۆرە دیتن کارێکی ئێجگار سەختە. کەوابوو ئەوەی لوکاچ باسی دەکات، راستە. ئێمە دەبێ گرنگی بە مێتۆدی دیالێکتیکی بدەین.

بۆ وێنە دوو چینی کرێکار و بورژوا پێکەوە پەیدا بوون، پێکەوە دەژین و، لە هەمان کاتدا دژی یەکترن. لە روانگەی دیالێکتیکیەوە چینی کرێکار دەتوانێ بورژوازی بسڕێتەوە و سیستمی خۆی بخولقێنێ. بەڵام ئەوەندەش ئاسان نیە و پێویستی بە کار و خەباتێکی ئێجگار ئاڵۆز هەیە. کەوابوو کێشەی هەرە گەورەی ئێمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوە بووە کە حیزبە مارکسیستەکانی ئێمە نەیانتوانیوە بەشێوەی دیالێکتیکی بیربکەنەوە، ئەوەش هەر تایبەت بە وڵاتانی ئێمە نەبووە، زۆرێک لە مارکسیستەکانیش تووشی ئەو کێشەیە هاتوون، تەنانەت ستالینیش تووشی هەڵەی گەورە هاتووە. بۆ وێنە ستالین نوسراوەی ماتریالیزمی مێژوویی و ماتریالیزمی دیالێکتیکی نووسیوە، کە سەردەمێک زۆر برەوی هەبوو، بەڵام هەر ئەم بەرهەمە لە لایەن مارکسیستەکانەوە زۆر رەخنەی لێگیراوە و بەتایبەت مائۆ رەخنەی جدی لێگرتووە و گوتویە: ستالین نەیتوانیوە مارکسیستی بیربکاتەوە. ئەوەش بڵێم لەنێو خودی

مارکسیستەکانیشدا لەمەڕ ئەوەی کە پێوەندی مێتۆد لەگەڵ تیۆری چۆن بێت، خەباتی جدی لەئارا دایە. هیوادارم توانیبێتم وڵامی پرسیارەکە بدەمەوە، یان ئەگەر بەلاڕێدا چووم ساغم بکەنەوە.

**ـ سۆپاستان دەکەم، زۆر باش بوو...، پرسێکیتر: مارکس لە بابەتێکدا لەمەڕ کێشەی نەتەوەیی پۆڵۆنی و ئیرلەند دەڵێ: "هەر نەتەوەیەک نەتەوەیەکی تر بچەوسێنێتەوە زنجیرەکانی کۆیلەتی خۆی پتەو دەکا و ناحەسێتەوە"، بەڵام لە کوردستانی خۆمان زۆرێک لە چەپەکان ئەم وتەیانە فەرامۆش کردووە و بەکردەوە چوونەتە خزمەت سیاسەتەکانی میلەتی باڵادەست و میلەتی بندەستی خۆیان لەبیر کردووە، یان تەنانەت دژایەتی بزاڤی رزگاری نەتەوەییش دەکەن، ئێوە ئەم دیاردەیە چۆن دەبینن؟**

ـ من ئەم دیاردەیە ئاوا دەبینم، ئەوانەی کە مارکسیزم فێردەبن و خۆیان بە چەپ و سۆسیالیست دەزانن بە ئاسانی ناتوانن خۆیان لە زەختی بیری کۆنی لیبراڵی یان فیۆداڵی رزگار بکەن. بۆ وێنە زۆرێک لە پارتە کۆمۆنیستەکانی وڵاتی ئێمە و وڵاتانیتر سەرەڕای ئەوەی بە تیۆری دژی سیستمی پاتریارکین، بەڵام لە کردەوە و لێکدانەوەدا پیاوسالارانە دەجووڵێنەوە. کە دێتە سەر پرسی مارکسیستی و ستەمی نەتەوایەتیش هەر وان. بۆ وێنە مارکسیستێکی فارس، یان تورک، یان عەرەب، بە قسە داکۆکی لە رزگاری نەتەوەی کورد دەکەن، بەڵام کە پرسی پراتیک دێتەئاراوە، تێیدا دەمێنێتەوە. یان زۆرێک لە کوردانی مارکسیست ناتوانن پێوەندی نێوان پرسی نەتەوەیی و پرسی چینایەتی لێکبدەنەوە و لەپڕ دەبن بە ناسیۆناڵیست، یانی زۆر کەس ناتوانن لە چینی خۆیان، لە نەتەوەی خۆیان، یان لە رەگەزی خۆیان جیاببنەوە و روانگە و بەرژەوەندی چینی چەوساوە رەچاو بکەن. لێرەوە من پێم وایە ئەگەر مارکسیستەکان لەگەڵ فمینیستەکان بەراورد بکەین، پرسەکە زیاتر روون دەبێتەوە. زۆربەی ژنانی دنیا وشیاری فمینیستییان نیە. دەبێ فێر ببن. مارکسیستەکانیش هەر وان، لە پێشدا دەبێ تیۆری فێربن، خۆ کەس بە مارکسیستی لەدایک نابێت. دەبێ تیۆری و فەلسەفە فێر بێت. بەڵام لە پرۆسەی فێربووندا و لە پرۆسەی خەباتدا دەبێ لە چینی کۆمەڵایەتی خۆیان جیاببنەوە، من ئەم پرسە ئاوا دەبینم.

**ـ دەوڵەتی مۆدێرن فۆرماسیۆنێکی تازەیە کە لەسەر بناغەی سێ فاکتەری تکنۆلۆژی، دیمۆکراسی و ناسیۆنالیزم پێکدێ، ئەگەر بەپێی ئەم بۆچوونە سەیری وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەین، دەبینین لە هیچ وڵاتێکدا دەوڵەتی مۆدێرن پێکنەهاتووە، چونکە هیچ دەوڵەتێکی ئەم دەڤەرە هاوکات خاوەن ئەو سێ فاکتە نین، بەتایبەت لە کوردستان دۆخەکە نالەبارترە و گەشەی کۆمەڵگە لە هەر سێ بوارەکەدا، لاوازترە. بەڕای ئێوە گەشەی ئابووری و گەشەی چینی ناوەڕاستی کۆمەڵگە چ پێوەندییەکیان لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی هەیە؟**

ـ دەوڵەتی نەتەوەیی یەکەم جار لە بریتانیا پەیدا بوو، دواتر لە فەرانسا، لە ئەمریکا، لە کانادا و هەندێ وڵاتی دیکەی ئەورووپادا. دەوڵەتی نەتەوەیی بەرهەمی خەباتی چینی بورژوایە، فۆرمی دەوڵەتی چینی بورژوایە کە مارکسیستەکان پێی دەڵێن دیموکراسی بورژوایی. بەڵام ناوی دیکەشی هەیە، پێی دەڵێن "Popular democracy"، یانی دیموکراسی گەلی، یان دیموکراسی لیبراڵی. دیارە پرۆسەی پەیدابوونی چینی بورژوازی و خەباتی سیاسی و ئایدیولۆژیک لە وڵاتانی وەک رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر دواکەوتووە. لەم ناوچەیە خەباتی سیاسی بۆ

دامەزرانی دەوڵەتی مۆدێرن هەم دەسکەوتی هەبووە هەم نەیبووە. بۆ وێنە لە ئێران شۆڕشی مەشروتە بزاڤێکی زۆر گرنگ بوو، چونکە دەیویست دەوڵەتێکی مۆدێرن لە چەشنی بریتانیا، یان فەرانسا، دامەزرێنێ. من پێم وایە کاتێ باسی چینی کۆمەڵایەتی دەکەین تا رادەیەک دێتەوە سەر تکنۆلۆژی. تکنۆلۆژی لە ئەوروپا دەوری گرنگی گێڕا، بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناڤین تکنۆلۆژی نەبووە. بەڵام ئەگەر بێینەوە سەر چینی بورژوازی ئەو وڵاتانە و بزانین بۆچی نەیانتوانی وەک بورژوازی ئەوروپا پرۆسەکە سەربخەن، دەبینین زۆر لایەنی هەیە: یەکەم ئەوە کە چینی بورژوازی لەم وڵاتانە کاتێ پەیدا بوو کە بورژوازی رۆژاوا دەسەڵاتی کولونیالی بەسەریاندا هەبوو. کەوابوو ئەم چینە نەیتوانی وەک بورژوازی ئەوروپایی بێتە مەیدانی مێژوو و ئەو خەباتە فکرییە بەرێوە ببات کە بورژوازی ئەوروپا ئەنجامی دا. بورژوازی رۆژهەڵاتی ناڤین لەڕووی کولتوریشەوە نەیتوانی خەباتی خۆی سەربخات. چینی بورژوازی ئەوروپا چەکی رۆژنامە و چاپەمەنی بەدەستەوە گرت، لە ئەوروپا سنوری نێوان دین و دەوڵەتیان لێک جیاکردەوە. لە وڵاتی ئێمە تا رادەیەک هەوڵ بۆ ئەم پرسە درا، بەڵام سەرنەکەوت. وڵاتانی رۆژاوایی لە خەباتی خۆیاندا لە دژی کۆمۆنیزم لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دینیان بەکارهێنا. نەیانهێشت لە وڵاتانی ئێمە پرۆسەی جیایی دین لە دەوڵەت بە ئەنجام بگات. ئەمریکا لە ئێران بۆ دژایەتی کۆمۆنیزم و جبهەی میلی داکۆکی لە هێزە دینیەکان کرد. هەندێ جار لە تورکیا و ئەفغانستانیش هەر وایان کرد. ئەوە بوو کە بە هۆی دەستێوەردانی زلهێزەکان پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی بورژوایی لە وڵاتانی ئێمە بە نیوەچڵ مایەوە و سەرنەکەوت. نامەوێ هەموو کێشەکان بخەمە ئەستۆی سەرمایەداری جیهانی، بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کاتێ رۆژاوا لە سەدەی 17و 18دا ویستی دنیای مۆدێرنی خۆی بخولقێنێ، نە ئاسیا و نە ئەفریقا دەستیان تێوەرنەدا. بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وڵاتانی زلهێزی رۆژاوایی هەموو بزاڤێکی ئازادیخواز و لایەنگری دیموکراسیان تێکشکاند.

**ـ وەک دەزانین جیهانیبوون دیاردەیەکی ئاڵۆز و پارادوکسیکاڵە، لەلایەکەوە هێز و هەژموونی دەوڵەتی نەتەوەیی کزدەکا و لەلایەکی ترەوە، گوڕ و تینێکی تازە بە هێز و بزاڤی فەرهەنگی و نەتەوەیی بندەست و ناسنامەخواز دەبەخشێ، ئێوە ئەم دیاردەیە چۆن پێناسە دەکەن؟ ئایا دەکرێ نەتەوەی کورد وەها دەرفەتێک بقۆزێتەوە و ناسنامەی سیاسی ـ کولتوری خۆی بچەسپێنێ؟**

ـ من پێم وایە ئاڵوگۆڕی 10 تا 15 ساڵی رابردوو پێوەندی نێوان گەلی کورد و وڵاتانی دەوروبەری گۆڕیوە، بەڵام لە دنیای ئاکادمیکدا باسێک دەکەن کە گویا سنورەکانی دەوڵەت ـ نەتەوە تا ڕادەیەک لاواز بووە و تەنانەت هەندێ کەس دەڵێن لەناوچووە. دیارە لە یەکێتی ئەوروپادا لەنێو خۆیاندا سنورەکانیان لابردووە. ئەگەرچی هێشتا زۆر سنوریتر ماون، بەڵام سنوری رەسمی نێوان وڵاتانیان لابردووە. بەڵام سنورێکی گەورەتریان دروست کردووە. یەکێتی ئەوروپا بۆتە دەوڵەتێک کە ئێستا خەریکن هەموو یاساکانی وەرگرتنی پەنابەر هەڵدەوەشێننەوە و مافەکانی پەنابەران پێشێل دەکەن. خەریکن سنوری یەکێتی ئەوروپا پتەوتر دەکەن. ئەمریکاش سنورەکانی خۆی بەتەواوی داخستووە، تەنانەت سنوری هاوبەش لەگەڵ کانادا کە پێشتر زۆر کەمڕەنگ بوو، ئێستا بە وریایی پارێزگاری لێدەکرێ، بەجۆرێک کە

لەنێوان ئەمریکا و کانادا لەسەر پرسی سنورەکان کێشە دروست بووە. بەڵام لە ناوچەی خۆمان هاتوچۆی سنورەکان ئاسانتر بووە، کوردەکانی ئێران و ئێراق بەئاسانی هاتوچۆی یەکتر دەکەن، دۆخی سنورەکان تا رادەیەک گۆڕاوە. بەڵام من پێم وایە هێشتا دەوڵەت دەسەڵاتی خۆی راگرتووە. پێوەندی دەسەڵات لەنێوان کورد و ئەو دەوڵەتانەدا هێشتا نەگۆڕاوە و ئالوگۆڕ لەم بوارەدا پێوەندی بەوەوە هەیە کە ئەو دەوڵەتانە دیموکراتیزە بکرێن. هەر بەوجۆرەی کە لە ئەوروپا دیموکراسی بورژوایی توانی سنورەکانی خۆی لاببات، ئەگەر لە ناوچەی ئێمەش و لەو وڵاتانە کە کوردی تێدا دەژی دیموکراسی پێڕەو بکرێت، سنورەکان کەمڕەنگتر دەبن. ئەگەر بەشێوەی دیالێکتیکی چاوی لێبکەین دەبینین کە یەکێتی ئەوروپا سنورە ناوخۆییەکانی لابردووە، بەڵام بۆ خۆی سنورێکی گەورەتر و بەرفراوانتری دروست کردووە. ئەوەیە پێوەندی دیالێکتیکی نێوان سڕینەوەی سنوری کۆن و دروست کردنی سنوری نوێ. ئەوەش دیاردەیەکی تازە نیە، لێنین ساڵی 1914 باسی ئەوەی کرد کە سەرمایەداری هەم سنووری نەتەوەیی پێکدێنێ و هەم ئەم جۆرە سنورانە تێکدەشکێنێ.

**ـ وەک دەزانین زۆربەی حیزبە کوردیەکان بەرنامەی پێشووی خۆیان کە زیاتر خودموختاری بوو گۆڕیوە و فیدراڵیزمیان هەڵبژاردووە، بەڕێزتان بەلەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی ناوچەکە سیستمی فیدراڵی چون لێکدەدەنەوە؟**

ـ وەک دەزانین فیدراڵیزم پێشینەیەکی دێرینی هەیە، دەوڵەتی نەتەوەیی (nation state) یان دیموکراسی بورژوایی، یان دیموکراسی لیبراڵی، ئەم دەوڵەتانە بە چەندین شکڵ دروست کراون، یەکیان شێوەی فیدراڵی لە چەشنی حکومەتی ئەمریکایە، یەکیان دەوڵەتی یەکگرتوو لە چەشنی وڵاتی فەرانسایە. ئەم دوانە هەر دوویان فۆرمی بەڕێوەبردنی نەتەوەیە. هەر دوویان فۆرمی دەوڵەتی دیموکراسی بورژواین، لە کوردستان و لە عێراقیش هەم دەکرێ بەشێوەی ئەمریکا بێت، هەم بەشێوەی فەرانسا. من پێموایە فۆرمەکە لەخۆیدا ئەوەندە گرنگ نیە، بەڵکوو ئەو دیموکراسیە کە دەوڵەت بەڕێوەدەبات گرنگە، جا هەم دەتوانێ دیموکراسی بورژوایی بێت، هەم دەتوانێ دیموکراسی سۆسیالیستی بێت. چونکە یەکێتی سۆڤیەتیش لە کاتی خۆیدا بەشێوەی فیدراڵ بەڕێوەدەبرا. کەوابوو، من پێم وایە پرسی گرنگ ئەوەیە کە کام چین دەوڵەت پێکدێنێ و دەوڵەتی پێکهاتوو گرنگی بە بەرژەوەندی کام چین دەدات؟ من ئەم شتانەم بۆ گرنگە. بەڵام تا ئێستا لە ئێران و کوردستان زیاتر گرنگی بە فۆرمی فیدراڵی بەناوەڕۆکی دیموکراسی بورژوایەوە دراوە و ناوەڕۆکی سۆسیالیستی مەبەست نەبووە. فیدراڵیزم رەنگە بتوانێ هەندێ ناکۆکی نێوان نەتەوەکان چارەسەر بکات، یان چارەسەری نەکات، ئەمە بەو پرسەوە بەستراوە کە دەوڵەتی دەسەڵاتدار تا چ رادەیەک چەپ و پێشکەوتنخواز بێت... بۆ وێنە لە کانادا دەوڵەتێکی بورژوا دیموکراتیک لەسەر کارە، ئەوانیش کێشەی نەتەوەییان هەیە، پارێزگای کۆبێک فەرانسی زمانن و دەیانەوێ لە کانادا جیاببنەوە، خەریکیشن جیادەبنەوە، ئەگەر ئەم کارە بکەن دەوڵەتی فێدراڵ بە ئەرتەش و سوپا و زەبر و زەنگ وڵامیان ناداتەوە، بەڵکوو ناچارە لەگەڵیان دیالۆگ بکاو بە ئاشتی جیاببنەوە. یان لە چێکسلۆاکی دوو نەتەوە هەبوون، زۆریش لێک نزیکبوون، ئەوەندە جیاوازییان نەبوو، ویستیان جیاببنەوە، بەشێوەی هێمنانە و بورژوا دیموکراتیک جیابوونەوە. بەڵام مودیلی بورژوا دیموکراتیک شێوازی تریشی هەیە.

ئەویش کوشتار و توندوتیژییە و دەتوانێ بەم شێوەیە پێش بە جیابوونەوە بگرێت. راستیەکەی ئەوەیە کە لە وڵاتانی ئێمەشدا ئەگەری هەر دوو شێوازەکە لەئارا دایە. بۆ وێنە من پێم وایە باڵەکانی نێو حکومەتی عێراق، چ جەعفەری، چ چەلەبی و چ عەلاوی هیچیان بورژوا دیموکراتیک نین و ناتوانن دیموکراسی بورژوایی لە شێوەی کانادا و فەرانسا بەکاربێنن. من لەئاست سیاسەتی ئەوانە زۆر رەشبینم. من پێم وایە ئەو فیدراڵیزمەی کە بەو یاسا و دەستورەوە لە عێراق دروست دەکرێ جۆری فیدراڵیزمی بورژوا دیموکراتیک لە چەشنی کانادا و فەرانسا نیە. جۆرێکی ترە، بەمبۆنەوەیە کە دەڵێم خودی فۆرمی فیدراڵی ئەوەندە گرنگ نیە. بەڵکوو نێوەرۆکی دیموکراتیک کە دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێ گرنگترە.

**ـ کەوابوو ئێوە پێتانوایە فۆرمی فیدراڵی دەتوانێ هەم ناوەرۆکی پێشکەوتنخوازانەی هەبێ و هەم ناوەرۆکی دواکەوتوانە؟**

ـ بەڵێ.

**ـ منیش پێم وایە کە فۆرمی فیدراڵی فۆرمێکی پێشکەوتووە کە تەنیا لەگەڵ ناوەرۆکی پێشکەوتنخوازانە دێتەوە، یانی ئەگەر ناوەرۆک دواکەوتوانە بێت فۆرمەکەش دادەڕزێنێ و لەناوی دەبات.**

ـ من پێم وایە فیدراڵیزم لە خۆیدا ناتوانێ پێشکەوتنخوازانە بێت، بەڵکوو دەبێ ناوەرۆکێکی دیموکراتیکی هەبێت.

**ـ ئاسۆی رەوتی رووداوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە چۆن دەبینن، بەڕای ئێوە رەوتی رووداوەکان لەم دەڤەرە چ شێواز و ئاراستەیەک بەخۆوە دەگرێت؟**

ـ من پێم وایە پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناڤینی حکومەتی بوش پرۆژیەکی تەواو کۆنەپەرستانە و دژی ئازادی و دیموکراسییە و ئامانجی ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئەمریکا بە یەکجاری بەسەر ناوچەکە و دنیادا بسەپێنێ. بۆوەی ناکۆکی خۆی لەگەڵ دژبەرانی وەک روسیا، چین و ئەروپا دەبینێ و دەیەوێ ئەو ناکۆکیانە چارەسەر بکات. چونکە ئەو ناکۆکیانە گرنگن و تادێ پەرەدەستێنن و گەلانی ناوچەش لە ئاخێز دان و لە دژی حکومەتەکان خەبات دەکەن، بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەو خەباتە و سەرکوتکردنی، پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان وەڕێخستووە. بەڵام من پێم وایە تا ئێستا سەرنەکەوتووە و سەرناکەوێ، لە زۆر شوێنی دنیا دژایەتی دەکرێ و سەرئەنجام ناتوانێ سەرکەوێت.

**ـ دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە لە سەردەمی شەڕی سارددا بلوکی رۆژاوا لە جنوبی یەکێتی سۆڤیەت کەمەربەندی ئەمنی دروست کرد، یانی بۆ پێشگرتن لە کۆمۆنیزم هەر لە تورکیا تا ئێران و ئەفغانستان داکۆکیان لە دەوڵەتانی دیکتاتۆری و توتالیتری ئیسلامی کرد. بەڵام ئێستا ستراتژیستەکانی ئەورووپا و ئەمریکا بەو ئاکامە گەیشتوون کە تاقە دوژمنی دنیای تاکجەمسەری بورژوازی، ئیسلامی سیاسیە، چ لە فۆرمی شیعەی کۆماری ئیسلامیدا و، چ لە فۆرمی سونی تاڵیبان و ئەلقاعیدەدا، هەروەها ئەوان دەڵێن ویروسی تیرۆر و رشەکوژی لە زەلکاوی خەفەقان و دیکتاتۆری حکومەتە ئیسلامیەکانەوە هەڵدەقوڵێ، یانی بەو ئاکامە گەیشتوون کە دەبێ رۆژهەڵاتی نێوەراست دیموکراتیزە بکرێت، هەر لەم پێوەندیەدا زۆرێک لە حیزب و لایەنەکانی ناوچەکەش پێیانوایە کە دەبێ لەگەڵ هێزەکانی بیانی و رەوتی**

**ئالۆگۆڕەکان خۆیان ڕێکبخەن، نە بەو مانایە کە ببن بە پاشکۆ و پێڕەوی زلهێزەکان، بەڵکوو بەو مانایە کە لە یەک خەتدا جۆرێک هاوئاهەنگی دروست بکەن و یەکتر ساغ بکەنەوە. ئێوە ئەم پرسە چۆن دەبینن؟**

ـ بەڵێ لە قسەدا دەوڵەتانی بوش و بلێر باسی ئەوە دەکەن کە ئێستا کێشەی گەورە تیرۆریزمی ئیسلامی و فەندەمەنتالیزمی ئیسلامیە و ڕێگەچارەش ئەوەیە کە دیکتاتۆری لە ناوچەکەدا نەمێنێ. بەڵام بەڕای من دەیانەوێ ئەو وڵاتانەی تیرۆریزمی ئیسلامی تێدایە ئەهوەن بکەنەوە و ئەگەر بکرێ ڕژیمی ئیسلامی لیبراڵ بێننە سەرکار. بەڵام بۆیان گرنگ نیە ڕژیمی تازە ئیسلامی بێت یان ئیسلامی نەبێت، دەوڵەتی بوش و دەوڵەتانی پێشووی ئەمریکاش دۆستی حکومەتی عەرەبستان بوون و قەت بۆیان گرنگ نیە کە ژن لە عەرەبستان ئەوپەڕی ستەمی لێدەکرێ، بۆیان گرنگ نیە کە دین لە عەرەبستان وەک دین لە چاخی نێوەڕاست لە ئەورووپادا کانگای بەرفراوانی زوڵم و ستەمە و دین و دەوڵەت تێکەڵاون. قەت ئەم شتانەیان بۆ گرنگ نەبووە و نیە. یان لە وڵاتانی تر، بۆ وێنە لە میسر، دیکتاتۆریەکی سیکۆلار لەسەر کارە، بەڵام ئەمریکا ساڵانە 3 میلیارد دۆلار دەدات بە میسر تا ئەم دەوڵەتە دیکتاتۆریە درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدات. کەوابوو من پێم وایە ئەوان هەر بە قسە ئەو شتانە دەڵێن و بەرنامەی ڕاستەقینەیان بۆ دیموکراتیزە کردنی ناوچەکە نیە. سەپاندنی دەسەڵاتی ئەمریکا لەسەر ناوچەکە بە بوونی دەوڵەتانی دیموکراتیک لە ناوچەکەدا ئیمکانی نیە. ئەگەر لەم وڵاتانە دەوڵەتی دیموکرات هەبن لەئاست زوڵم و ستەمی ئەمریکا دژایەتی دەکەن. بەڕای من ئەم دوو شتە لەگەڵ یەک ناکۆکن.

**ـ لە کۆتاییدا دەمەوێ باسی مەسەلەیەک بکەم کە لەنێوان جەنابت و مامۆستا مەسعود محەمەد پێکهات. پێم وایە ساڵانێک لەمەوپێش لەسەر هەندێ پرسی فکری لە نێوانتان ناکۆکی هاتە ئاراوە، ئەڵبەت من لە چەم و خەمی مەسەلەکە ئاگادار نیم، بەڵام لەم بابەتەوە مامۆستا مەسعود محەمەد کتێبێکی بەم عنوانە نووسیوە: "بۆ ئەمیر حەسەنپور لە هەر کوێیەک بێت"، پێمان خۆشە بەکورتی باسی ئەوەش بکەن؟**

ـ من ساڵی 1976 لە دەرەوەی وڵات خەریکی نوسینی تێزەکەم بووم لەمەڕ زمانی کوردی ستاندارد. ئەوکات نامەم بۆ کۆڕی زانیاری کورد نووسی کە بڵاوکراوەکانیان بنێرن بۆم. مامۆستا مەسعود محەمەد ئەوکات سەرۆکی کۆڕی زانیاری کورد بوو، کۆمەڵێک کتێب و گۆڤاری بۆ ناردم و لە نامەیەکدا پێی گوتم کە بیروڕای خۆم لەمەڕ بڵاوکراوەکانی کۆڕ دەرببڕم. یەکێ لەو بڵاوکراوانە کتێبەکەی خۆی بوو سەبارەت بە حاجی قادری کۆیی، من خوێندمەوە و نامەیەکم بۆی نارد، لەو نامەیەدا نوسیبووم کتێبەکەت کتێبێکی باش و بەنرخە، بەڵام سەبارەت بە بۆچوونی تۆ لەمەڕ فیۆدالیزم لە کوردستان ڕەخنەم هەیە، تۆ پێت وایە دەرەبەگایەتی لە کوردستان نیە و من پێم وایە هەیە و لە سیستمی فیۆداڵی ئەورووپا و وڵاتانیتر دەچێ. مامۆستا ئەم شتەی پێ باش نەبوو و لەم قسەیە زۆر تووڕە بوو. دواتر من گەڕامەوە ئێران و ئیتر لە دەرەوەی وڵات نەبووم. بەڵام ئەو نەیدەزانی من لە کوێم. بۆیە کاتێ کتێبەکەی دەرخست بەو ناوە بڵاوی کردەوە. هەرچەند کتێبەکەی وڵامی ڕەخنەکەی من دەداتەوە و لە زۆر شوێنی کتێبەکە باسی من دەکات، بەڵام تەواوی کتێبەکە ڕەخنەیەکە لە دژی بیر و بۆچوونی چەپ لە کوردستاندا. هەربەم هۆیە ئەو کتێبەش هەر بەو مەبەستە سودی لێ بینراوە و چ لە ئێران و چ لە کوردستانی عێراق چەندین جار چاپکراوە و وەک بەرهەمێک لە دژی بیری چەپ

بەکارهێنراوە. بەداخەوە من خۆم کاتم نەبووە تا وڵامی ئەو کتێبە بدەمەوە، جاروبار بەکورتی باسم کردووە، بەڵام پێم خۆشە ئەگەر دەرفەتم هەبێ بە وردی وڵامی بدەمەوە.

**ـ لە دوایی دا ئەگەر قسەیەکتان هەبێت؟**

ـ زۆر خۆشحاڵم بۆ ئەو پرسیارانەی هێناتەگۆڕێ. من پەیامێکی تایبەتم نیە، بەڵام پێموایە دنیا بەرەو ناخۆشی دەڕوات، زوڵم و زۆر یەکجار زۆر بووە. من دەڵێم دەبێ ئەو هێزانەی لە بەرەی ئازادی و یەکسانی خوازیدان یەکبگرن. دنیایەکی زۆر ناخۆشمان لە پێش دایە. من پێم وایە 10 تا 20 ساڵی داهاتوو زۆڵم و زۆر و چەوسانەوە لە ئێستا زۆر زیاتر دەبێت. ئێستا لە ناوچەی خۆماندا هێزی ئێجگار وەحشی و دڕندە هاتوونەتە گۆڕەپانی سیاسەت. بڕوانن ڕۆژانە لە عێراق چ ڕوودەدات. هەموو ڕۆژێک سەدان کەس دەکوژرێن و بریندار دەبن. یان لە ئەفغانستان وێڕای توندوتیژی و کوشتار چ زۆڵمێک لە ژنان دەکرێت. لە هەلومەرجی ئاوادا دەبێ هێزە پێشکەوتن خوازەکان لە دژی ئەمپریالیزم و لە دژی کونەپەرستی یەکبگرن. من ناڵێم جیاوازی سیاسی و ئایدیولۆژیک وەلانێن. بەڵام دەڵێم زەمانێکی سەخت و دژوارمان لە پێش دایە، دەبێ گەشە بە هاوکاری و هاوپشتی هێزە پێشکەوتن خوازەکان (چ لیبرال، چ نەتەوەگەرا، چ کۆمۆنیست و ئاناریشت) بدەین.

**سلێمانی، پاڵاس، هاوینی**

**سەرچاوە: سایتی پرووشە**